# Tekoshan No.127

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty Threeth Year Nomber ((127)) 4 of Razbar 2706 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 26th sep 2007



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitayafratan@yahoo.com

ئادرسی تێکۆشان لە سەر شەبەکەی جیهانی ئیبنترنێت http://www.sazmanikhabat.com/tekoshan.htm

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.sazmanikhabat.com/radio.htm

Tel: ثریا ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤١٩٩٨ - ثریا٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤٠٦٨٩ نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ – ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆرڕك تیلکۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


## ڕوژنامەوانی کورد ئاکۆ کورد نەسەب بە ٣ ساڵ زیندان مەحکوم کرا

ئاکۆ کورد نەسەب روژ نامە وانی گیراوی کورد و بەرپرسی بەشی هەواڵی حەوتوو نامەی کەرە فتو بەتۆمەتی سیخوری بۆ بێگانەکان بە ٣ ساڵ زیندان مە حکوم کراوە.

کورش فە تحری پارێزەری (ئاکو کورد نەسەب ) بە موکریان نیوزی راگە یاندوە کە لقی یەکەمی دادگای رژیم لە سنە، بە پێی مادەی ٥٠١ ی سەزای ئیسلامی و بە تۆمەتی سیخوری بۆ بیگانە بە٣ ساڵ زیندان مە حکوم کراوە.

ئاکو کورد نەسەب ، روژنامەوان وبەرپرسی هەواڵی حەوتوو نامەی کرفتوو، چاپی سنە، ماوەی نزیك بە ٣ مانگە لەلایەن هێزی ئیتلاعاتی رژیمی ئێرانەوە لە زیندانی سنە دا بەند کراوە.

ئێستا ٥ رۆژنامەوانی کورد، محەمەد سدیق کەبودوەند، بەرپرسی حەوتوو نامەی داخراوی پیامی خەلك و سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ئەیجلالی قەوامی رۆژنامەوان و نووسەر لە حەوتوو نامەی داخراوی (پەیامی خەلك) ئاکۆ کورد نەسەب لە بەرپرسانی حەوتوو نامەی کەرفتوو، (عدنان حەسەنپور) ئە ندامی دەستەی نووسەرانی ئاسۆ وکاوە جەوانمەرد لە نووسەرانی کەرەفتوو، لە بە ندیخانە کانی رژیمی ئاخوندی دا.

## ووتەی بەنرخ

نزیکترین رێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج، رێگای راستە (تولستۆی)

زمانی مرۆڤ وەکوو مار وایە کە جەستەی خۆشی دەگەزێت (گوگول)

یەکسانی دەبێ بچەسپێ، بە بێ رەچاوکردنی ئەنجامەکەی (سنیك)

ژنی لێزان، ماڵ ئاوەدان دەکات و ژنی نەزانیش وێرانی دەکات ( تریستان برنارد)

هونەر، تەنها زمانی هاوبەشی نێوان هونەرمەندانە.(بتهوڤین)

## هاواری شادیی خەڵکی کورد





چوارەمین فیلمی سیمەمایی بەهمەنی قوبادی دەرهێنەری کورد وەك سێ فیلمەکەی پێشووی باسی لە دەردو ڕەنجی خەڵکی کورد دەکا و دیسان وەك سێ فیلمی پێشووی، نەتەنیا کوردەکانی ولاتێك بەڵکوو باس لە ڕابردوی خەڵکی ولاتێکی گەورە بە ناوی کوردستان دەکا. ئەو فیلمە لە دێهاتێکی کوردستانی ئێران دەست پێ دەکا (کاکوکردی) کەسێکی زیندوو دڵ ئاواڵەیە کە ژیانی خۆی بە ڕانندەیی ئوتوبوسەوە دەباتە سەر، لە هەمان کاتدا حەزی لە موسیقایە بەتایبەت بەموسیقای کوردی. لەکاتێکا کەخەریکی بەشەردانی٢ کەڵەشێر بوولەلایەن (استاد مامو) پەیامێك بۆموبایلەکەی دێت. (استاد مامو) موسیقی ژەنێکی پیرە کە هەموو ئۆگرانی هونەر ئەو بەگەورەترین ئوستادی زیندووی موسقی کوردی دەزانن و رێزێکی زۆری بۆ دادەنێن. ئەو لەبەر سیاسەتە دژی هونەریەکانی رژیمی ئێران لە ژیانی هونەری دابڕاوە. لە عێراق رژیمی سەدام حسێن روخاوە. کوردەکانی ئەو ولاتە لە دوای دەیان ساڵ داگیرکاری بێ عەداڵەتی، سەرئەنجام لە هەرێمەکەی خۆیان بە ئازادی گەیشتوون و لەدوای ٣٧ ساڵ چەوسانەوە توانیویانە لە باری نەتەوەیی یەك بگرن. ئەم ڕوداوە مێژوییە نەتەنیا بۆ کوردەکانی عێراق بەڵکو بۆ تەواوی کورد لە ناوچەکەدا کەبەسەر ولاتەکانی عێراق و ئێران و تورکیە و سوریە دابەش کراون. روداوییکی خۆشە.

## بەردێکی گەورەی ئاسمانی لە وەڵاتی "پرو" کەوتە خوار



بە وتەی بەرپرسانی وەڵاتی پرو دوای ئەوەی لە شوێنێکی دوورە دەست لەو وەڵاتە شتێکی ئاسمانی کەوتە خوار٦٠٠ کەس کە لی نزیك بوونەوە پێویستیان بە دەرمان کردنە. پێ دەچێ ئەو شتە بەردی ئاسمانی بووبێ، ئەوان دەڵێن ئەو شتە کە لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوو کەوتۆتە خوار و چاڵێکی قووڵی لە نزیك شاری کارانکاس لە کێوەکانی (آند) لێ کەوتۆتەوە. کەسانێك کە چوونەتە ئەو شوێنە تووشی سەرئێشەو رشانەوەو گێژی بوون، هۆکەشی ئەو گازەیە کە لە زەوی و لە شوێنی بەردە ئاسمانیەکە هەڵدەستێ.

دەستەییێك لە زانایان لە حاڵی چوون بۆ شوێنەکەن بۆ نمونە هەڵگرتن تا بۆیان دەرکەوێ کە ئایا ئەوە بەردێکی ئاسمانیە.

هبر مامانی لە دانیشتوانی ئەو ناوچە بە بی بی سی گوتووە. (ئەو شتە چووەتە ناو زەویەوە) هەر بۆیە داوامان کردوە لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ چوونکە نیگەرانی خەڵکی خۆمانین. مانگاییێکی کوشتووە و چەند ئاژەڵی دیکەشی نەخۆش خستووە.

ئەو رووداوە شەوی شەممە کاتێك رووی دا کە خەڵك لە نزیك شاری کارانکاس لە ناوچەی پونو کە دەکەوێتە ١٣٠٠ ك م باشووری ، لیما، چاویان بە گلولەییێکی ئاوردا کە لە ئاسمانەوە بەرەو لای ئەوان دەچوو، کەوت کە درا بە زەوی دا و چاڵێکی بە پانی ٣٠میتری و قووڵی شەش میتر لە لێ کەوتەوە. بەرپرسان دەڵێن کە بۆییێکی زۆر ناخۆش لەو چاڵەوەبەرز دەبێتەوە.

کارناسێکی دامەزراوەی ئەتومی پرو بە هەواڵدەری فەرانسەی وت کە هیچ ئاسەوارێك لە بڵاو بوونەوەی تیشکی ئەتومی لەو چاڵەدا نیە و رەتی کردەوە کە ئەو شتە بەشێکی شکاوی ماهوارە بێت.

رنان رامیرز وتی: ئەو بەردە، بەردێکی ئاسمانی ناسراوە کە دوای لێکدرانی لەگەڵ زەوی دا و تێکەڵ بوونی مەوادی ئەو لەگەڵ ئەو شتانەی لە زەوی دا هەیە بووەتە هۆی درووست بوونی گاز، ئەو گازانە پێ دەچێ کاری کردبێتە سەر لەش ساغی ٦٠٠ کەس لەو کەسانەی چوونەتە شوێنی پێکدادانەکەوە. زۆربەی نەخۆشەکان باسی سەرئێشەو رشانەوەو سەرەگێژەوە دەکەن.

هونوریوکامپوبلانکو، لە زەویناسانی ناسراوی پرو، داوای لە بەرپرسان کردوە کە رێگە نەدەن خەڵك نزیکی ئەو شوێنە بێتەوە.

**((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))**

**دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،**

**دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە**

**دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،**

**یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە**

**زمانی فارسی، لە سەعاتی ٦/٣٠ بۆ ٨ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٦/٥ بۆ ٨ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.**

## ئوروپا ئابلوقەی زیاتر بۆ رژیمی ئێران بە جیا لە ئابڵوقەی شورای ئەمنیەت

لە حالێك دا کە وریایی دانی وەزیری دەرەوەی فەرانسە لەمەڕ ئەگەری شەڕ لە دژی گەلاڵەی ئەتۆمی رژیمی ئێران سەرنجەکانی بۆلای خوی راکێشاوە، وەڵاتانی ئورپایی باسیان لە ئەگەری سەپاندنی ئابڵوقە توندتر لە دژی رژیمی بە جیا لە شورای ئەمنیەت کردوە. رۆژی دووشەممە ٢٦ خەرمانان وەزیرانی دەروی ئاڵمان و هولەند بەراشکاوی لە سەپاندنی ئابڵوقەی نوی لە دژی رژیمی ئێران بۆ ناچار کردنی ئەو رژیمە بە راگرتنی بەرنامەی ئەتومیەکانی هەوڵیان داو گوتیان کە لەو پێوەندیەدا لەگەڵ هاوپیمانانی خۆیان هاوکاری دەکەن.

ماکسیم ورهاگن، وەزیری دەرەوی هولەند لە دوای دیداری رۆژی دووشەممە لەگەڵ برنار کوشنە، وەزیری دەروەی فرانسە رایگەیانە هولەند لە ئابڵوقەکانی یەکیەتی ئوروپا لە دژی برنامەی ئەتومی ئێران پشتیوانی دەکات، تەنانەت ئەگەر شورای ئەمنیەت نەتوانی لەو باروە بە رێکەوتنێك بگات. ناوبراو گوتی یەکەم شت ئەویە کە ئەبێ شورای ئەمنیەت رازی بکری ئابڵوقەی زیاتر بە سەر رژیمی ئێراندا بەسەپێنی. بەڵام ئەگەر ئەو شورایە لەو پێوەندیەدا هەنگاو هەڵ نەگری، ئێمە ئامادەین و خوازیاری ئەوەین کە یەکیەتی ئوروپا هاوری لەگەڵ وەڵاتە یەگکرتوەکان ئابڵوقەی نوی لە دژی رژیمی ئێران بەسەپینن. وەزیری دەرەوی ئاڵمانیش پشتێوانی لە قسەکانی برنار کوشنە کردو گوتی کە ئاڵمان هاوری لەگەڵ فرانسە و باقی هاوپیمانەکانی هەوڵی خۆی دەخاتەگەر کە هەرشەی ئەتومی رژیمی ئێران نەهێڵی.

وەڵاتانی ئاڵمان و فرانسە و بریتانیا لەگەڵ ئامریکا لە کار دەکەن لە سەر دەرکردنی بریارنامەی نوی ئابڵوقە لە دژی رژیمی ئێران کە قرارە بەزویی بدری بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. شان مك کورمك وتەبیژی وەزارەتی دەروەی ئامریکا رۆژی چوارشەممە ١٢ سپتامبر رایگەیاند کە واشینگتن حەوتوی داهاتوو میوانداری وەڵاتانی ناسراو بە ٥+١ دەبێت تا لە بارەی سەپاندنی ئابڵوقەی نوی بە سەر ئێران بریار بدەن. بە قسەی کورمك، لە دانیشتنی نوینەرانی همیشەی شورای ئەمنیەت و ئاڵمان لە ٢١ سپتامبر لە واشنگتن لە بارەی بریارنامەی نوی کە بریتی لە ئابڵوقە دەبێت بریاری لە سەر دەدرێت. وەڵاتانی رۆژ ئاوا رژیمی ئاخوندی تاوان بار دەکەن کە لە چوارچیوی برنامەی ئەتومی بەدوای دروست کردنی بۆمبی ئەتومیەوەیە. هاوکات بارەی برنامەی ئەتومی ئێران لە پێتەختێکی دیکەش باس کراوە کە یەکیك لە باسەکانی رۆژی دووشەممە دانیشتنی گشتی ئەندامانی ناوندی نیودوەڵەتی وزەی ئەتومی لە ویەن بوو. محمد البرادعی بەریوەبەری گشتی ئاژانس لە کردنەوەی ئەو دانیشتنەدا کە ١٤٤ وەڵات بەشدار بوون لە قسەگەلێك دا داخ و کەسەری خوی دەربڕی لەوەی کە رژیمی ئێران پالاوتەکردنی ئورانیومی رانەگرتووە.

***

**بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران**